# کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە ( 37 / 2008 )

کەمکردنەوەی نهێنی بۆ تەندەری : دراسەی جەدوا ( Feasibility Study ) بۆ سێ پرۆژەی هایدرۆ پاوەر

ولات : عێراق – هەرێمی کوردستان

نـــاوی پـــــــرۆژە : دراسەی جەدوا ( Feasibility Study ) بۆ سێ پرۆژەی هایدرۆ پاوەر

ســـــێکتەری : کارەبـــا

ژمـــــارەی پرۆژە : KRG-MOE / HPP-3 / 2008

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق نیازی ئەنجامدانی دیراسەی تەواوی جەدوای ( Detail Feasibility Study ) هەیە بۆ سێ پرۆژەی هایدرۆ پاوەر لە هەر سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان . ناو و شوێن و توانای خەملێنراوی هەر یەك لە پرۆژەکان بەم شێوەی خوارەوەیە :

- پرۆژەی هایدرۆ پاوەری خاڵوان

لەنزیك گوندی ئیفراز لە پارێزگای هەولێر ، نزیکەی 30 کم لە باکوری خۆرهەلاتی شاری هەولێر. لەسەر روباری زێ ی گەورە ، گەورەترین لقی روباری دیجلە لە عێراق . توانای بەرهەمهێنانی خەملێنراو ( 52 ) مێگاوات

- پرۆژەی هایدرۆ پاوەری گەلی باڵندە

لە نزیك گوندی سوری ( سیری ) لە پارێزگای دهۆك ، نزیکەی 73 م لە رۆژهەلاتی شاری دهۆك . دەکەوێتە سەر روباری شەمدینان لقی سەرەکی روباری زێ ی گەورە . توانای بەرهەمهێنانی خەملێنراو ( 111 ) مێگاوات

- پرۆژەی هایدرۆ پاوەری دەڵگە

پرۆژەکە دەکەوێتە گوندی دەڵگە نزیك شارۆچکەی قەلادزێ لە پارێزگای سلێمانی ، دەکەوێتە سەرووی بەنداوی دوکان لەسەر روباری زێ ی بچوك ( خواروو ) دووەم گەورە لقی روباری دیجلە لە عێراق . توانای بەرهەمهێنانی خەملێنراو ( 97 ) مێگاوات

بواری بەڵێندەرایەتیەکە بریتی یە لە ئەنجامدانی کاری رووپێوی بۆ شوێنی بەنداوەکە و کۆمگە ئاوی یەکە ( Dam & Reservoir ) دراسەی هایدرۆلۆجی ، هایدرۆلیکی ، جیۆلۆجی و جیۆتەکنیکی لەگەڵ دراسەی پرۆژەی هایدرۆ پاوەر .

بۆ بەشداربوون لە کرداری تەندەر، پێویستە بەڵێندەر شارەزایی لەسەر ئەم جۆرە پرۆژانە هەبێت ولە پێش ئێستا بەلایەنی کەم سێ پرۆژەی لەم بابەتەی ئەنجام دابێت.

## بەڵگەنامەکانی تەندەر

ئارەزوومەندی بەشداربوو دەتوانی زانیاری زیاتر لە ناونیشانی ( ناونیشانی 1 ) وەربگرێت .
بەڵگەنامەی تەواوی تەندەر بە زمانی ئینگلیزی دەتوانرێت لەلایەن بەڵێندەرەوە بکڕدرێت بە داوایەکی نوسراو لە ناونیشانی ( ناونیشانی 2 ) بە بڕی ( 500000 ) پێنج سەد هەزار دینار کە بۆی ناگەرێتەوە .
بەڵگەنامەکانی تەندەر لە رۆژی 20 ئیلولی 2008 لە وەزارەتی کارەبا ( ناونیشانی 2 ) دەست دەکەوێت .هەروەها بەڵگەنامەکان دەکرێ لە رێگای ناردنی دوەلی بنێردرێت لە بەرامبەر ( 100 ) دۆلاری ئەمریکی .

## پارەدانی بەڵگەنامەکانی تەندەر

ڕێگای پارەدانی کڕینی بەڵگەنامەی تەندەر ڕاستەوخۆ دەبێت بۆ بەشی ژمێریاری وەزارەتی کارەبا .

## وەرگرتنەوەی تەندەر

تەندەرەکان دەگەڕێتەوە وەزارەتی کارەبا ( ناونیشانی 2 ) تاوەکو دواکاتی تەندەر لە کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆی ڕۆژی 20 ی تشرینی یەکەم 2008 .

تەندەرەکان پێویستە دەستەبەری بانکی بە گوژمەی ( 100000000 )سەد ملیۆن دیناری عیراقی یان هاوتاکەی لە هەر دراویکی تر کە لە یەکێك لە بانکە فەرمی یەکانی هەرێمی کوردستان دابنرێت .

هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگیرێت و تەندەرەکان دەکرێنەوە بە ئامادەبوونی بەشداربووان لە وەزارەتی کارەبا( ناونیشانی 2 ) دوای پێنج دەقیقە لە دواکاتی وەرگرتنەوەی تەندەرەکان.

### ناونیشانی 1

ئەنازیاری شارەزا حمەامین محمد حسن
وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی هایدرۆ پاوەر و وزە نوێبووەکان
E-mail: hawramany1@yahoo.com
ژمارەی تەلەفۆن : 009647504450665

### ناونیشانی 2

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – بەشی بازرگانی
شەقامی شەست مەتری , برایەتی
هەولێر ، هەرێمی کوردستان ، عیراق